# سیاسەتی فەرەنسا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانی بەسەردا دێ

سەرکەوتنی "نیکۆلاس سارکۆزی" لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی فەرەنسا، شیمانەی گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە، بەتایبەت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کردۆتە باسێکی میدیایی.

ئەگەرچی وادیارە سەرکۆماری هەڵبژێردراوی فەرەنسا، چالاکییەکانی خۆی خستۆتە سەر ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ناوخۆدا، بەڵام وەک سەرۆکی وڵاتێک، کە زۆرتر حەزی لەوەیە کە لە ڕێسای جیهانییدا دەستی هەبێ، ناچارە بەوەی کە سیاسەتێکی ئەکتیڤ لە بواری دەرەوەدا بگرێتە بەر.

سنووری دەسەڵاتی سارکۆزی لە بواری دەرەکی و ناوخۆییدا، بێگومان بەستراوەتەوە بە پێکهاتەی پەرلەمانی ئەو وڵاتە، کە بڕیارە لە داهاتوویەکی نزیکدا هەڵبژاردنی بۆ بەڕێوە بچێ، بەڵام ئەگەر ناوبراو بتوانێ زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان بەدەست بێنێ، لەو حاڵەتەدا، شیمانەی گۆڕانکاری لەسیاسەتە نەریتییەکانی فەرەنسا لە بواری دەرەوەدا، دوور لە چاوەڕوانی نییە.

ساکۆزی پێشتر "تۆنی بلێر"، سەرۆک وەزیرانی بریتانیای وەک نموونەیەکی شیاو لە ڕێبەرێکی سیاسی وەسف دەکرد، واتە ئەو نموونەیەی کە ئەویش دێهەوێ لە فەرەنسەدا بیگرێتە بەر.

بلێر وەک سیاسەتمەدارێکی واقیعخواز کە بۆچوونەکانی خۆی ڕاشکاوانە دەردەبڕێ و بەڕێوەیان دەبات، ناسراوە. تەنانەت ئەگەر ئەم سیاسەتانەش باوی دڵی ڕۆشنبیران نەبێ.

لەبەرامبەر شەفافیەتی واقیعخوازیی ڕێبەری بریتانیا، کە زۆریش خۆشەویست نییە، ڕێبەرانی فەرەنسا زۆربەی کاتەکان گرینگی دەدەن بە لێکدانەوەی کۆمەڵگای ڕۆشنبیری بەرامبەر بە کردەوەی خۆیان و بەم هۆیەش، هێندێ جار بەتایبەت لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا، لە هەڵبژاردنی نێوان بواری واقیعی و زەینی سەریان لێ شێواوە.

ئەو سیاسەتانەی کە لە ئاوەها بۆچوونگەلێکەوە سەرچاوە دەگرن، کەمتر شەفافیەتی تێدایە و لە بواری پراکتیکدا بەرهەمێکی جگە لە خەمساردی نییە.

وادیارە سارکۆزی لە هەوڵی ئەوەدایە کە پەیوەندییەکانی فەرەنسا لە گەڵ دنیای دەرەوەدا، نەک لەسەر بنەمای ئەو ئایدیا ڕۆشنبیریانەی کە بە شێوەیەکی نەریتی لە فەرەنسا بەهێزن ، بەڵکوو لەسەر بنەمای ڕاستیگەلێکی سادە، بەڵام ڕوونی کۆمەڵگای نێوەنەتەوەیی دابنێ.

یەکەمین وڵاتێک کە سارکۆزی دێهەوێ پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی لە گەڵ باشتر بکات و بیباتە سەرێ، ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکایە، واتە زلهێزێک، کە لە زۆربەی ساڵەکانی پاش جەنگی دووهەمی جیهانی، پەیوەندییەکی ئەوەند گەرمی لەگەڵ فەرەنسا نەبووە. لەم ڕووەوە، نیکۆلاس سارکۆزی پاش ئەوەی سەرکەوت، لە وتەکانی خۆیدا بە ڕاشکاوی جەختی لەسەر ئەوە کرد کە ئەمریکا دەتوانێ لەسەر دۆستایەتیی فەرەنسا حیساب بکات.

گۆڕان لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و فەرەنسا، بە شێوەی سروشتی لەسەر ڕوانگەی دەوڵەتی نوێی فەرەنسا بەرامبەر بە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەری دادەنێ

ئەگەرچی لە ماوەی یەک دوو ساڵی ڕابردوودا ئەمریکا و فەرەنسا سیاسەتێکی هاوبەشیان لە هەمبەر سوریا و لوبنان و هەروەها تاڕادەیەکی زۆریش بەرامبەر بە پرۆژە ئەتۆمییەکانی ئێران هەبووە، بەڵام جیاوازیی ڕوانگەی ئەم دوو وڵاتە بەرامبەر بە قەیرانی عێراق و ڕەوتی ئاشتی لە نێوان ئیسراییل و فەلەستینییەکاندا، کاریگەری لە سەر بێ متمانەیی ڕێژەیی هەر دوو وڵاتدا بەرامبەر بە یەک هەبووە

ئەگەرچی ناتوانین بەرامبەر بە چارەسەر کردنی خێرای هەموو دژایەتییەکانی نێوان فەرەنساو ئەمریکا لەمەڕ قەیرانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و دڵنیا بین، بەڵام



ڕەنگە سارکۆزی، هێندێک لە ئاڵۆزییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە لەم بابەتەوە چارەسەر بکا.

لە ئیسراییلدا "ئیهود ئۆلمێرت"، سەرۆک وەزیر و "شیمون پرز"، جێگری ناوبراو بەگەرمی پێشوازییان لە سەرکەوتنی "نیکۆلاس سارکۆزی" لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری فەرەنسا کرد و وەک دۆستی ئیسراییل لە قەڵەمیان دا.

"بنیامین نەتانیاهو"، ڕێبەری ئۆپۆزسیۆنی ڕاستخوازی ئیسراییلیش هەڵوێستێکی هاوچەشنی لە گەڵ دەوڵەتی فەرەنسا بەرامبەر بە سەرکەوتنی سارکۆزی دەربڕی و سەرکۆماری نوێی فەرەنسای نەتەنیا وەک دۆستی ئیسراییل، بەڵکوو وەک دۆستی تایبەتیی خۆی زانی

ئەویکە لە سارکۆزیدا، بە شێوەیەکی تایبەت، بۆتە مایەی سەرنجی "شیمون پرێز" ، بۆچوونەکانی سەرکۆماری هەڵبژێردراوی فەرەنسایە بە رامبەر بە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە وتەکانی کاتی سەرکەوتنیدا.

نیکۆلاس سارکۆزی لە وتەکانی خۆیدا، داوای لەسەرجەم لایەنە پێوەندیدارەکانی کێشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کرد، کە بەسەر ڕەقی خۆیاندا زاڵ بن و پێداگری کرد کە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێویستە لە بزاڤێک کە وڵاتانی ئەورووپی، لە ٥٠ ساڵ لەمەوبەرەوە بۆ ئافراندنی یەکێتی ئەورووپا لە خۆڵەمێشی جەنگی دووهەمی جیهانییەوە دستیان پێکرد، ئەزموون وەربگرن و "یەکێتی مەدیتەرانەیی" دامەزرێنن.

پێکهێنانی یەکێتییەک لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەی باشووری مەدیتەرانە، بەردەوام جێ حەز و ویستی ڕێبەرانی چەپی ئیسراییل، بەتایبەت "شیمون پرێز" بووە، واتە یەکێتییەک کە ئامانجی سەرەکیی گەڵاڵەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەی ئەمریکاشە.

نزیکایەتیی سارکۆزی لە ئیسراییل و پشتیوانی ناوبراو لە پێکهێنانی یەکێتیی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، هەڵبەت بە مانای دەست هەڵگرتنی فەرەنسا لە فەلستینییەکان نییە، چونکە فەرەنسا لە هەر کاتێکدا پێویستی بە هاوسەنگی لە نێوان عەرەبەکان و ئیسراییلدا هەیە.

سەرەڕای ئەوەش، هەڵوێستەکانی سارکۆزی بەرامبەر بە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە چەشنێک نابێ کە ئیسراییلییەکان، بە لایەنگریی تەواو لە عەرەبەکان تاوانباری بکەن، واتە ئەو تاوانەی کە هێندێ جار خرایە پاڵ ژاک شیراک.

بەو حاڵەشەوە، وادیارە کە سیاسەتەکانی سارکۆزی لە هەمبەر قەیرانی لوبنان و دەوڵەتی سوریا لە چاو سەردەمی ژاک شیراک دا ئەوەندە گۆڕانکاری بە خۆیەوە نابینێ.

ئەگەرچی دەوڵەتی سوریا و حیزبوڵڵای لوبنان هیوادارن کە چوونە کۆشکی ئێلیزەی ئاغای سارکۆزی، ببێتە هۆی نەرمبوونی هەڵوێستەکانی فەرەنسا بەرامبەر بەوان، چونکە سارکۆزی بە پێچەوانەی "ژاک شیراک" دۆستایەتییەکی تایبەتی لە گەڵ بنەماڵەی "ڕەفیق حەریری"، سەرۆک وەزیرانی کۆچکردووی لوبنان نییە، بەڵام وادیارە ئەم هیوادار بوونە لە پراکتیکدا بەرهەمێکی بەدواوە نەبێ.

لەمەڕ قەیرانی عێراقیش ئەگەرچی سارکۆزی نابێتە هاوپەیمانی نزیکی ئەمریکا، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە، برینە بە جێماوەکانی سەر پەیوەندی نێوان ئەم دوو وڵاتە لە سەر ئەم بابەتە سارێژ بکا.

پرۆژەی ناوکی ئێرانیش ڕەنگە ببێتە بوارێک بۆ زیاتر لێک نزیکبوونەوەی ئەمریکا و فەرەنسا. ئەگەرچی لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، دەوڵەتی ژاک شیراک لە گەڵ ئەمریکییەکان بۆ گوشار خستە سەر کۆماری ئسلامی هاوڕایی کردووە، بەڵام ئەمریکییەکان بەردەوام لەمەڕ گۆڕینی کتوپڕی هەڵوێستی فەرەنسا بەرامبەر بە ئێران بەپەرۆش بوون و متمانەیەکی تەواویان بە شیراک نەبووە.

وادیارە سارکۆزی لە چاو ژاک شیراک ، هەڵوێستێکی پتەوتر بەرامبەر بە ئێران وەربگرێ و لەم بارەوە زیاتر لە ئەمریکاو بریتانیا نزیک دەبێتەوە.

بەهەرحاڵ، بە دەسەڵات گەیشتنی نیکۆلاس سارکۆزی لە فەرەنسا بۆ دەوڵەتی ئەمریکا هیوا بەخشە. ئەمریکییەکان پێویستیان بە کەسێکی وەک تۆنی بلێر لە فەرەنسا هەبوو، ئەوەش لە کاتێکدایە کە خودی تۆنی بلێریش خەریکە کورسی دەسەڵات لە بریتانیا بە جێ دێڵێ.

**نووسینی :**

**ئەحمەد زەیدئابادی،**
**پسپۆڕی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست**

سەرچاوە : خۆرهەڵات

# ڕەشیدە داتی، یەکەم پەناهەندەی عەرەبی،چۆن پۆستی وەزارەتی دادی فەرەنسی وەدەست دەهێنێ؟

